***بابەتێك بۆ لێدوان و گفتوگۆیەكی كراوە***

# ئایا كۆمەڵگای كوردستان پێویستی  بە حزبێكی سیاسی تر نییە؟

**عبدالله مەحمود**

***abdulla.mahmud@gmail.com***

**واقعیەتی سیاسی و ئابوری و كۆمەلآیەتی وئیداری و فەرهەنگی كوردستان، جیابونەوەی بەكردەوەی لە عێراق، پێداویستی پێكهێنانی حزبێكی سیاسی گرێخواردو بە بەرژوەندیەكانی خەڵكی بێبەش و نەداری كوردستانی كردۆتە مەسەلەیەكی هەنوكەیی.**

**ئەمرۆ زوربەی زۆری خەڵكی كوردستان و بەشی هەرزۆری ئێلیت "نوخبە"ی ئەدەبی و هونەری و سیاسی و ناسراوی كومەڵگا، لەسەر پێداویستی حزبێكی سیاسی پێداگری دەكەن، هەموان دەڵێن ئەم كۆمەڵگایە پێویستی بە بەدیلێكی ترە، پێویستی بە پاڵەوانە، پێویستی بە خاوەنە، پێویستی بە فریادرەسە. بنەمای سەرەكی ئەم پێداگریە گەڕانە بەدوای بەدیلێكی تردا، كە ئەم كۆمەڵگایە ڕزگار بكات. ڕزگاری لەدەست نابەرابەری ئابوری و سیاسی و كۆمەلایەتی، رزگاری لەدەست نادیاری چارەنووسی سیاسی و حقوقی، ڕزگاری لەدەست لكاندنەوەی دوبارەی كوردستان بە عێراقی عەرەبی ئیسلامیەوە، ڕزگاری لەدەست گرانی بازاڕ و بازرگانان و سەرمایەدارانی چاوچنۆك، ڕزگاری لەدەست دەسەلآتی گەندەڵ و حوكمی فیرعەونی، ڕزگاری لەدەست نەبونی و خزمەتگوزاریە كۆمەلآیەتی و تەرفیهی و پەروەردەیی و تەندروستی و وەرزشی ......ڕزگاری لەدەست نەبونی مافە فەردی و مەدەنیەكان، ڕزگاری لەدەست یاساو ڕیسای كۆن و پرتوكاوی ئیسلامی و بەعسی، ڕزگاری لەدەست نادیاری ئایندەی سیاسی كوردستان، ڕزگاری لەدەست نەبونی ئازادیە سیاسی یەكان، ڕزگاری لەدەست بێ یاسایی، ڕزگاری لەدەست وونبونی ناسنامەی وولآتی، ڕزگاری لەدەست داماڵراوی پێناسەی هاولآتیبوون، ڕزگاری لەدەست بێناسنامەیی دەوڵەتی.. ڕزگاری لەدەست گومناوبوون.**

**بۆیە ئەمرۆ وێڵبوون بەدوای بەدیلێك" ئەلتەرناتیف"، بۆ ئەو ئامانجانەی سەرەوە یەكێك لە تایبەتمەندیەكانی ئەم دەورەی كۆمەڵگای كوردستانە.**

## هەلومەرج و تایبەتمەندیەكانی كۆمەڵگای كوردستان و ئەگەرەكانی بەردەمی

**كۆمەڵگای كوردستان، بەهەلومەرجێكی تایبەتدا تێدەپەڕێت. هەلومەرجێكی "نادر" ناوازە، و كەم وێنە لە ئاستی دنیادا.**

**لەباری سیاسی یەوە، تائێستا لە حەلقەی سەرگەردان مانەوەو پشێوی و نادیاری ناسنامەی وولآتیدا پەل و پۆ دەكوتێت، تائێستا ئەو ڕەوەندە هەڵواسراوییەی كە بە هۆی جەنگی یەكەمی كەنداو و دانانی "ناوچەی ئارام" دەستی پێكرد، سەرباری ئالوگۆرێكی زۆر جزئی هەر درێژەی هەیە.**

**تائێستا ناسنامەی وولآتی و ناسنامەی هاولآتی بوونی خەڵكی كوردستان لە جغرافیای سیاسی دنیادا لەباری حقوقیەوە، بەهۆی نەبونی ناسنامەی دەوڵەتیەوە وونە. تائێستا چارەنووسی سیاسی كۆمەڵگاوجغرافیای كوردستان، لەبەردەم پێناسەكردنەوەی جۆراوجۆردا قەراری گرتووە، قەوارە وەرگرتنەوەی حقوقی ئەم كۆمەڵگایە و ناسنامەی هاولآتیانەكەی لەبەردەم چەندین ئەگەردایە.**

**هەڕەشەی سیاسی جۆراوجۆر بەسەر سەری كۆمەڵگای كوردستانەوە، وەستاون و لەبەردەرگان.**

**كوردستانی عێراق، ئەبێتەوە بە بەشێك لە عێراق؟ یان ئەكەوێتە بەردەم هەڕەشەو هێرشی وولآتانی ناوچەكە و بەهەڵواسراوی و داگیركراوی دەمێنێتەوە؟ یان سەرئەنجام ئەم دابراویەی بەكردەوەیەی ئێستای ڕەسمیەت وەردەگرێت و**

دەبێتە دەوڵەتێکی سەربەخۆ، هەرکام لەو ئەگەرانە واقعین، دوو ئەگەری یەکەم بەمانای داگیرکرانەوەی کوردستان و بەمانای داسەپاندنەوەی زوڵمی قەومی و تەنانەت بەهۆی باڵادەستی ئیسلامی سیاسی یەوە لەعێراق و ناوچەکەدا ڕوبەڕووی زوڵمی مەزهەبیش دەبێتەوە.

دوبارە شکلدانەوە بە حکومەت و دەوڵەتی عێراق، لەسەر بنەمای قەومی و مەزهەبی و باڵادەستبوونی ئیسلامی سیاسی، و هەوڵی ئەحزابی دەسەڵاتداری کوردستان بۆ لکاندنەوەی کوردستان بە عێراقی ئیسلام- قەومیەوە، لەچوارچێوەی بەرژەوندی چینایەتی و حزبی خۆیاندا، کۆمەڵگای کوردستان دەخاتەوە بەردەم هەڵاواردنی قەومی و مەزهەبی، و خەڵکەکەشی ڕوبەرووی ڕۆژرەشی و بێدەرەتانیەکی هەمەلایەنە و سەرکوتی سیاسی و مەزهەبی دەکاتەوە، نارەزایەتی ونەفرەتی قوڵی خەڵکی کوردستان لەم ئایندەیە لەپاڵ ناڕەزایەتی و هاتنە مەیدانی فراوانی خەڵکی کوردستان و چین و توێژە جیاوازەکانی بۆ خواستی وەکو ئاوو کارەباو سوتەمەنی، خزمەتگوزاری و کۆمەڵایەتی و تەرفیهی و جێگیرکردنی ئازادیە سیاسی و مافە فەردی و مەدەنیەکان و یاساو ڕیسای پێشکەوتنخواز وە ڕاوەستانیان لەدژی گەندەڵی وداخوازیە سنفییەکان و.....تاد، تایبەتمەندیەکی هەر ئێستای کۆمەڵگای کوردستانە.

هاوکات ئەکتیف بونی خەڵك و هاتنە مەیدانیان، کۆتایی دەورەیەکی نزیك بە دەیەو نیوی ڕابردووی کۆمەڵگای کوردستانە.

لەئاکامی کەوتنی ڕژیمی بەعس و نەمانی هەڕەشەی ئەم ڕژێمە لە پشت سنورەکانی کوردستانەوە، نەمانی ئەم کارتی هەڕەشەی بەعسە بەدەست ئەحزابی قەومی کوردەو و کۆتاییهاتنی ئابلۆقەی ئابوری و کەم تازۆر بوژانەوەی باری ئابوری خەڵك بەبەراورد لەگەڵ چەند ساڵی ڕابردو وە بەرینبوونەوەی هەرچی زیاتری قڵشتی چینایەتی نێوان نەدران و بێبەشانی کوردستان لەگەڵ چینێکی مشەخۆر و تاڵانچی وبازرگانی دەسەڵات و وابەستەی دەسەڵاتێکی گەندەڵ، و نەتوانینی وەڵامدانەوەی بەسەرەتاییترین خواستەکانی خەڵك و لەوەش واوەتر نەبوونی هیچ بەرنامەو پلاتفۆرمێکی رۆشن بۆ ئایندەی سیاسی کوردستان و تەنانەت ناکامی یە یەك لەدوای یەکەکانیان لە چواچێوەی پلاتفۆرمێك کە بۆخۆیان دایان نابوو وەکو فدرالیزم، بریاری 140، سەهم بردن لەداهاتی نەوت، لە چوارچێوەی خۆبەستنەوەیان بە سیاسەتی ئەمریکاوە، نەك هەر بونەتە هۆی ئەوەی ناسیونالیزمی کورد وحزبەکانی ڕەوتێکی ڕووله لێژی بپێوێت، بەڵکە هەموو ئەمانە زەمینەی واقعی یەکانی ئەکتیف بوونی خەڵك و دەستبردنیانی بۆ ئالوگۆڕ بەدەستی خۆیان، خوڵقاندووە.

خۆپیشاندانی شارو شارۆچکەکان و زانکۆو پەیمانگاو و ناوەندە کرێکاری و خزمەتگوزاریەکان، توێژە جۆراوجۆەرکانی وەکو مامۆستایان و کارمەندان و لاوان و ڕێکخراوە جەماوەری و پیشەیەکان، بەرین بونەوەی ئەم ناڕەزایەتیانەو بەخۆوەگرتنی ئارایشی ڕێکخراو، دەرکەوتنی ڕابەری ئەم نارەزایەتیانە، شەفافبوونی داخوازیەکان و شێوازی ناڕەزایەتیەکان، هەنگاونان بۆ سەراسەری کردنەوەی و لێك هەڵپێکانی داخوازیەکان......تاد، لە ماوەی نزیك بەدوو ساڵی ڕابردودا، بەرهەمی کۆتایی دەورەی پاسیف" ناچالاك" ی و فەزای بئێرادەیی خەڵك و وەسەرەتای ئەکتیف" چالاك" بوون و دروستبونی فەزای ئیرادەنواندن و باوەر بەخۆبوون وئومیدەواری بەگۆڕانە بەدەستی خۆیان.

دیارە نابێ ئەوەمان لە بیر بچێت، کەتائێستائاسۆی زاڵی زوربەی ئەم بزوتنەوەو ناڕەزایەتیە جەماوەری و شاریانەی کوردستان، لەگەڵ ئەوەشدا کە کەسانی چەپ و رادیکاڵ دەورو نەخشیان تیایدا هەیە و بەشدارن بەڵام لە غیابی ئەڵتەرناتیفێکی ڕادیکاڵ و پێشڕەوی سەراسەریدا، کە سیستماتیك و بەنەخشەو تاکتیکی دروستەوە بتوانێ وەڵام بە هێرش و پیلان و تەبلیغاتی هەزار سەری ئەحزابی دەسەڵات بەدەست بداتەوە، ئاسۆی بزوتنەوەی ناسیونالستی بەسەریدا زاڵە و لەوچوارچێوەیە تێنەپەڕیووە.

## دەرچوونی کۆمەڵگای کوردستان لە قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی مەرکەزی

واقعیەتە سیاسیەکانی کۆمەڵگای کوردستان، لەگەڵ واقعیەتە سیاسی یەکانی کۆمەڵگای عێراق بەگشتی، دوو واقعیەتی سیاسی تەواو لێك جیاوازن، چارەنووسی سیاسی کوردستان و کێشمەکێش و مەسائیلێك کە لە کوردستان لە ئارادان،

تەواو جیاوازن لەو کێشمەکێش و مەسائیلانەی لە ئاستی سەراسەری عێراقدا لە ئارادان. دیارە لێرە مەبەست لە سەر کاریگەری عێراق لەسەر کوردستان یان بە پێچەوانەوە نییە، بێگومان دووکۆمەڵگای ئاوا لەیەك نزیك ناکرێت کاریگەریان لەسەر یەك نەبێت، باسەکە لەسەر واقعیەتەکان و مەسەلەو مەشغەلەکان و گرفتەکان و داخوازیەکان و شێوەی دەسەلاتداریێتی و فەزای زاڵە بەسەر هەرکام لەو دوو کۆمەڵگایەدا.

ئەم جیاوازی مەسەلەو مەشغەلانە، یان لێکدابڕان و جیاوازیانە کەپێکهاتوون، جگە لەسیاسەتی ڕژێمە یەك لەدوایەکەکانی عێراق، و جگە لە شێوەی شکڵگیری دەوڵەتی عێراق لەسەرەتای پێکهاتنیەوە، بەرهەمی 13 ساڵ دابرانی بەکردەوەی عێراقە لە ساڵی 1991وە تا ساڵی 2003 و تاکەوتنی ڕژیمی بەعس، بەدوای کەوتنی بەعسیشدا بە پێچەوانەی درۆ و فریوکاریەکانی ئەمریکا کە عێراق دەبێتە ژینگەی دیموکراسی و خێرو بەرەکەتی ئازادی بەسەر سەری خەڵکیدا دادەبارێت، و عێراق دەبێتە دەروازەی بەدیموکراسیکردنی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستی گەورە، عێراق بوو بە سەرچاوە و ژینگەی سەرهەڵدانی ئوسامەو زەرقاویەکان و پایەگای ئیسلامی سیاسی، گەورەترین ناوەندی هەڕەشە لەسەر ئازادی و ئازادیخوازی و مافە فەردی ومەدەنیەکانی ئینسان و دیموکراسی لە هەرچوار گۆشەی دنیادا، و لەو نێوەشدا دیارە هەموو ئومێدە بێپایەکان بەوەی عێراق دەبێتە وولاتێکی دیموکراسی و خەڵکی کوردستانیش لەسایەی ڕژێمێکی دیموکراتیدا ئەحەوێنەوەو حەقی هاولاتی بوونی یەکسانیان بۆ بەڕەسمی دەناسرێ و ئازاد دەبن بەوجۆرەی خۆیان دەیانەوێت بریار لەسەر چارەنووسی خۆیان بدەن، نەك هەر پێچەوانەکەی ڕاست دەرچوو، بەڵکە باسی بەڕەسمی ناسینی ریفراندۆمیش لە دەستورەکەیاندا جێگەی نەبۆوە، و دەستورێکی ئیسلامی و قەومی و لەسەر بنەمای ئیتفاقی هێزەسیایەکان و میلیشیاکانیان، مۆری لیدرا. لەوەش واوەتر خواستی ئەحزابی کوردیش کە پشتیوانیان لە حکومەتی قەومی و دینی وسیاسەتەکانی ئەمریکا کردە قیبلەنومای جێگیرکردنی بەشە دەسەلاتیان لەدەوڵەتی مەرکەزیدا، پێ لەهەوا دەرچوو. بەم شێوەیە کەوتنی ڕژێمی بەعس ئەوەندەی تر دابڕاوی کوردستانی قوڵتر کردەوەو بەیەکجاری لەیەکتری دابران. بەجۆریك ئەگەر لە بەشی ناوەراست و خواروی عێراق مەسەلەی داگیرکاری و گێڕانەوەی ئەمنیەت و کۆتاییهێنان بەشەری میلیشیای و تیرۆریستی، خواستی خەڵکین، ئەوا لەکوردستان، خواستی جیابونەوەی کوردستان و سەربەخۆیی، کۆتاییهێنان بە بێناسنامەی وولاتی و، گەنەدەڵی، خواستی ئاوو کارەبا و سوتەمەنی و خزمەتگورزاریە کۆمەلایەتی و ئابوری و تەرفیهی و تەندروستی و پەروەردەیی و وەرزشی... بونەتە خواستی خەڵکی.

ئەگەر لەباشورو ناوەڕاستی عێراق، خەڵك بەدەست شەڕی تیرۆریستی میلیشیاکان و داگیرکاریەوە دەناڵێنن، ئەوا لەکوردستان خەڵك ڕووبەڕووی دەسەلاتێکی خۆماڵی!! و حوکمێکی فیرعەونی و تالانچین.

بەم جۆرە کۆمەڵگای کوردستان بەتەواوەتی لەچوارچێوەی دەسەلاتی مەرکەزی دەرچوەو بۆتە کۆمەڵگایەکی سەربەخۆ بەتایبەتمەندی سیاسی و ئابوری و کۆمەلایەتی خۆیەوە.

بۆیە چارەسەری کێشەکانی کۆمەڵگای کوردستان و دیاریکردنی ئایندە سیاسیەکەی، پەیوەندی بەکۆمەڵگای کوردستان خۆیەوە هەیە، و نابێت ببەسترێتەوە بە چارەنوسی حکومەتی مەرکەزیی یەوە.

من ئە م باسەم بۆیە کردەوە چونکو زۆر کەس و زوربەی حزب و لایەنە سیاسیەکان تائێستا پێیان وایە چارەنووسی سیاسی کوردستان بەندە بە دەسەلاتی مەرکەزی و بەغداوە، و لەکەناڵی ئەوێوە کێشەکانی بە چارەسەر دەگەن.

## کۆمەڵگای کوردستان چ جۆرە حزبێکی پێویستە؟

بۆ هەر کەسێك کە سەروکاری لەگەڵ کۆمەڵگای کوردستان یان سەروکاری لەگەڵ سیاسەت هەبێت لەکوردستاندا، ئەوە ڕاستیەکی بێ ڕووپۆشە، کە کۆمەڵگای کوردستان هەم ئەحزابی قەومی و هەم ڕەوتگەلێکی دینی، تیادا هەن.

ئەوەندەی بەئەحزابی قەومی کورد دەگەڕێتەوە چ یەکێتی و پارتی کە قەڵەمڕەوی دەسەلاتیان بەدەستە و چ ئەو حزبانەی کە لەچوارچێوەو بازنەی یەکێتی و پارتیدان و تەنانەت سوچێکی دەسەلاتیان" ئەگەر بە ڕووکەشیش بێت" پێدراوەو

محتەرەمانە لەگەڵ دەسەڵاتدا سازاون، دەسەڵاتی یەکێتی و پارتیان قبوڵکردووەو جگە لە پرتەو بۆڵەیەکی شەمنۆکانە کەجارجار ڕای دەگەیەنن، هیچ ڕەخنەیەکی بنەرەتی و جدی و ڕیشەیان لەم دەسەلاتە نیشان نەداوەو هەڵگری پەیام یان ستراتیژێکی جیاواز لە یەکیتی و پارتی نین.

ڕەوت و لایەنە دینییەکانیش هێندەی مەئموری مۆڵەتپێدراوی وولاتانی ناوچەکە یان ئەحزابی دەسەڵات بەدەستی کوردستانن، مەئموری هیچ خواستێکی خەڵکی کوردستان یان خەباتکاری هیچ کام لە خواستی چین و توێژەکانی کۆمەڵگای کوردستان نین، و دەتوانین بڵێن کە ئەمان لە پرۆسەیەکی سیاسی و نۆرماڵ وەکو پێداویستیەکی سەردەمی کە کۆمەڵگا خوازیاری بووبێت، پێکنەهاتوون و هیچ زەمینەیەکی مادیان نییە، و هەرکاتێك پارەو پوڵی وولاتانی ناوچەکە و کۆمەکی یەکێتی و یارتیان لێبڕدرا، ئەوا لەساحەکە هەست بەبوونیشان ناکرێت.

وە تەجروبەی نزیك بە 17 ساڵی ڕابردوو، تەجروبەی بەکردەوەی دەسەڵاتی بزوتنەوەی ناسیونالستی کورد بووە، خەڵکی کوردستان بەکردەوە و دەسەڵاتی ئەم بزوتنەوەو حزبانەیان لەسەر ژیان و گوزەرانی خۆیان بینیوە، کارو کردەیان، نەخشەو سیاسیەتیان، یاساو ڕێسایان، تاکتیك و ستراتیجیان، مامەڵەیان لەگەڵ ئازادی و مافە فەردی ومەدەنیەکان، لەگەڵ وولاتانی ناوچەکە، لەگەڵ مافی لاوان و ژنان و منالان و بەسالاچوان، لەگەل هونەرمەندو نوسەرانی ئازادو پێشکەوتنخواز، لەگەڵ ڕەوت و لایەنە دینییەکان، لەگەڵ خواستەکانی خەڵك و و نارەزایەتیەکانیان، لەگەڵ داهات و ئیمکاناتی کۆمەڵگا، لەگەڵ ئەحزابی ناکۆك بەخۆیان، لەگەڵ چارەنووسی سیاسی کوردستان، لەگەڵ حکومەتی مەرکەزی بەعس و بەدوای کەوتنی بەعسیشدا لەگەڵ لایەنە دینی و قەومی و تایفی یەکانی عێراق، لەگەڵ ئەمریکاو ..... هەموو ئەوانە تاقیکردنەوەیەکی بەکردەوو دوررودرێژی بزوتنەوەی قەومی کوردە لەگەڵ خەڵکی کوردستان و خواستەکانی.

17 ساڵی دەسەڵاتی بزوتنەوەی قەومی کورد لەوحەیەکی پراوپڕ ناکۆکی یە لەگەڵ خواستەکانی خەڵك و خواست و ئایندەی سیاسیان.

ڕەوت و لایەنە دینی یەکانیش" بەهەموو بەشەکانیانەوە" لە فەزای بێئیرادەیی خەڵك و لەناو گرانی و برسێتی دەستی ئابلۆقەی ئابوری و شەڕی ناوخۆیی و ... پارەو پولێکی خەیاڵی کە لەلایەن وولاتانی ناوچەکە و دەسەڵاتی یەکێتی و پارتی یەوە خرابووە بەردەستیان، سەرباری هەوڵی زۆریان بۆکەڵك وەرگرتن لە گرانی و برسێتی و بێئومیدی و ناسەقاگیری کۆمەڵایەتی و فەزای شەڕی ناوخۆ..لەگەڵ ئەوەدا کە توانیان لە برگەیەکی دیاریکراوی بێئومیدی و برسێتی خەڵکدا بەحوکمی ئیمکاناتی مادی ڕێژەیەك لەخەڵکی لە دەوری خۆیان کۆبکەنەوە، بەڵام نەیانتوانی پایەی خۆیان لەم کۆمەڵگایەدا دابکوتن.

بێ زەمینەیی خۆیان و و بەرنامەو پراتێك و پەیامێك کە هەڵگری بوون، ڕێگری جدی بوو لەوەی بتوانن لەو فەزایەدا لاوان و خەڵکی نەدارو برسی بە کەڵك وەرگرتن لە مزگەوتەکان و ئەو پارە خەیالیەش کە لەبەردەستیاندا بوو، بکەنە زەخیرەی پچڕینی دەسەڵات و هێزی مادی بۆخۆیان و بزوتنەوەکەیان......تاد.

بەم شێوەیە کوردستانی عێراق، هەم ئەحزابی قەومی و هەم ڕەوت و تاقمی ئیسلامی تیایدا هەبوون و تائێستاش هەن، ئەوەی لەم کۆمەڵگایەدا غائیبە، نوێنەری چینە نەدارو بێبەشەکانی کوردستانە وەکو کرێکاران و زەحمەتکێشان و موچەخۆرو فەرمانبەران و نوێنەری واقعی ژنان و لاوان و خواستە فەردی و مەدەنیەکانیان.

لەوانەیە کەسانێك بێن و بڵێن مەگەر حزبی شیوعی کوردستان چ کارەیە؟ حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق لەکوێی کۆمەڵگا ڕاوەستاوە؟ ئەمانە چکارەن و بۆ نوێنەری خەڵکی نەدارو برسی و خواستەکانی خەڵکی کوردستان و هیواو ئاوات و ئارەزوەکانی لاوان و ژنان و .......نین.

ڕاستی ئەوەیە حزبی شیوعی کوردستان بەجیا لەوەی هیچ ستراتیج و تاکتیك و پراکتیکێکی بەکردەوەو جیاوازی لەحزبی حاکم نیشان نەداوەو و هیچ سیاسەت و ڕێگا چارەسەرێکی جیاوازی لەهی ئەوان بۆ ڕزگاری کۆمەڵگای کوردستان

نەخستۆتە بەردەم کۆمەڵگا، هاوکات هەرگیز لەچوارچێوەو ئاسۆی ناسیونالیستی واوەتر نەچووە. لەوەش واوەتر هەمیشە وەکو حزبێکی محتەرەم و بێدەنگ یان ستایشکەری دەسەلات و ناوبژیوان ناسراوە، و دەمێکە بۆتە حزبێکی کەنارەگیر.

تا ئەو جێگایەی بە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق دەگەڕێتەوە، سەرباری زۆر پیشرەوی و ئیستقبالێکی گەرم کە لە سیاسەت و تاکتیك و ڕێگاچارەکانی بۆ کۆمەڵگای کوردستان و هەڵویستەکانی کراوە، حزبێکی خۆشەویست بووە لای کریکاران و زەحمەتکیشان و لاوان و ژنان ...تاد، زۆر سونەتی لە کوردستاندا جێگیر کردووە، و حزبی جەرائەتدان بووە بە هێزی ئازادیخوازو ناڕازی کۆمەڵگاو بەرگریکەر لەخواستی نەداران و بێبەشان و ژنان و لاوان و منالان و مافە فەردی و مەدەنیەکانیان، بەلام هاوکات حزبی لەدەستدانی فرسەتەکان بووە. حزبی کۆمۆنیست سەرباری هێرش و ڕێگری بەردەوامی ئەحزابی قەومی کورد بوو بە حزبێکی ناسراو خۆشەویست، بەلام نەیتوانی ببێتە حزبێکی کۆمەلایەتی و ڕابەری سیاسی جێگا متمانەی بەکردەوەی خەڵك.

بەدوای ڕوخانی ڕژێمی بەعس و دورکەوتنەوەی بەکردەوەی کۆمەڵگای کوردستان لە عێراق و بوونی بەکۆمەڵگایەکی جیا بەتایبەتمەندێتی ئابوری و سیاسی و کۆمەلایەتی و فەرهەنگی و ئیداری و مەشغەڵە ومەسەلەی تایبەتی خۆیەوە، حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراقی خستە بەردەم دووکۆمەڵگای لێك جیاواز.

ئێستا ئیتر هیچ لەوە ڕۆشنتر نییە، کە حزبی کۆمۆنیست ناتوانێت لە یەکاتدا حزبی دوو کۆمەڵگای لەیەك جیاوازبێت و ببێتە چوارچێوەیەکی ڕێکخراوەیی بۆ ئەم دوو کۆمەڵگایە، هاوکات خودی ناوی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق، لەڕوانگەی خەڵکێکەوە کە لەکوردستان دەرگیری چەندین کێشەی تایبەتی خۆیەتی و مەسائیل و گرفت و داخوازی و ڕێگاچارەی خۆی پێویستە، ناتوانێت بچێتە پشت حزبێك و لەدەوری حزبێك کۆببێتەوە کە حزبی کۆمەڵگایەکی ترەو ناسنامەی کۆمەڵگایەکی تری هەڵگرتووە.

بۆیە بەسادەیی دەکرێت بڵێن لەکوردستان تەنها جێگای حزبێکی سیاسی و ڕادیکاڵ و چەپ و کۆمۆنیست خاڵی یە، دەبی بە پیکهینانی حزبی کۆمۆنستی کریکاری کوردستان ئەو بۆشایە پربکریتەوە. کۆمەڵگای کوردستان پێویستی بەحزبی مارکس و حیکمەتە ، پێویستی بەحزبێکە کە ببێتە چوارچێوەی ڕێکخستنی هەموو ئەو ئینسانە کۆمۆنیست و چەپ و رادیکاڵ و پێشکەوتنخوازەکانی و بەکورتییەکەی نوێنەری قوتبی چەپی کۆمەڵگای کوردستان بێت.

پێویستی حزبێکی لەوبابەتە وەکو نان و ئاو بۆ کۆمەڵگای کوردستان پێویستەو حزبێکی لەوبابەتە پێویستە پێك بێت، بەشی کوردستانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستانیش دەتوانیٚ بەو حزبەوە پەیوەست بێت و هەڵسورانی خۆی لەو حزبەدا ڕێکبخات و درێژە پێبدات.

کرێکاران و باقی بێبەشان و توێژە مەحرومەکانی کۆمەڵگا، لە غیابی حزبی چینایەتی خۆیاندا، کە ببێتە چوارچێوەیەکی خەباتکارانە سروشتی خۆیان، دیسان دەبنە زەخیرەی ئەحزابی قەومی و چینەداراو چەوسێنەرەکانی کۆمەڵگا.

دیارە ئامانجی ئەم حزبە لە کوردستان، بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی خاڵی یە لە چەوساندنەوەی چینایەتی، خاڵی یە لە نابەرابەری ئابوری و سیاسی و کومەلایەتی.

دیارە پێش مەرجی دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی ئاوا ئینسانی، بەندە بە کۆتاییهێنان بە هەڵواسراوی ژیانی مەدەنی و ئابوری و دامەزراندنی دەسەلاتێکی دەوڵەتی لەکوردستان، لەڕێگای ڕێکخستن و ڕێنوینیکردنی بزوتنەوەی شۆرشگێرانەی خەڵك بۆ ڕزگاری لەدەست ئەم بارودۆخەی ئێستا.

بێگومان کۆمەڵگای کوردستان خاوەنی نفوزو توانایەکی زۆری چەپ و کۆمۆنیستەکانە، و پێکهێنانی ئەم حزبەش لەززوترن کاتدا ئەرکی ئەوانە و بۆیە دەبیٚ توانایەکانیان لە ڕاستای پێکهێنانی حزبی چینایەتی کرێکارانی کوردستاندا بخەنەگەرو لەوحزبەدا ڕێکخراو وئەکتیف بن. لەوەزیاتر نابێت فرسەت لەدەست بدرێت، ئاڵوگۆرەکان چاوەڕیٚ ی کەس ناکەن و مێژووش لە بێدەربەستی کەسانی بەرپرس خۆشنابێت.

**با لەڕاستای پێکهێنانی حزبی بێبەشانی کۆمەڵگای کوردستاندا قۆڵی خەباتکارنەی لێهەڵماڵین، کۆمەڵگای پێویستی بەوحزبەیە.**

2007–2–28